# با پێکەوە ( 24 ) ی سێپتەمبەر بکەینە ڕۆژی هاودەنگی




ئاسۆ شابان
22 / 09 / 2005

**بەریتانیا** : ( 24 ) **ی سێپتەمبەر** ، **کات** ( 12 ) **ی نیوەڕۆ لە بازنەی پەرلەمان کۆلیژی کەسک** .
**ئەمەریکا** : ( 24 تا 26 ) **ی سێپتەمبەر** ، **واشنتۆن دی سی** .
**هۆڵەندا** : ( 24 ) **ی سێپتەمبەر** ، **کات** ( 13 ) **پاش نیوەڕۆ لە** ( **بینن هۆف** ) **لە شاری** ( **دێن هاخ** ) .

**لە بەریتانیا** :

دەرئەنجامی درێژە کێشانی مانەوەی هێزەکانی بەریتانیا لە عێراق و هەڵگیرساندن و درێژە پێدانی ئەم شەڕە ، بڕی ئەو داراییەی کە ساڵانە بۆ ئەم شەڕە تەرخان دەکرێت ، کوشتارو بریندار بوونی ڕۆژانەی هێزەکانی بەریتانیا لە عێراق ، حکوومەتی بەریتانیای تەواو لە بەرامبەر هێزی بەرەی دژی شەڕو داگیرکاری و ڕای گشتی جەماوەر لە بەریتانیا خستۆتە تەنگاوی بڕیاردان لەسەر کەمکردنەوەو کشانەوەی هێزەکانیان لە عێراق ، جگە لە دروست بوونی گوومانی گەمەی سیاسی ئەمەریکا لە بەرامبەر بەریتانیادا و وابەستە بوونیان بە پلان و سیاسەتی ئەوانەوە لە خۆرهەڵات .
( The Sunday telegragh ) ئاماژەی بەوەدا کە حکوومەتی بەریتانیا لە خۆئامادەکردندایە بۆ کشانەوەی بڕێکی هێزەکانیان لەم ساڵداو لە ساڵی داهاتووشدا پاشماوەی هێزەکانیان بە شێوەیەکی پلەیی بکێشنەوە ، ئەم دەرئەنجامەش بە پێی بۆچوونی ( بلێر ) لە درێژە کێشان و بڕی ئاماری پارەی تەرخانکراوە بۆ ئەم شەڕە ، ئاماژەی بە کشانەوەی ( 8500 ) سەرباز کرد تا کۆتایی مانگی داهاتوو ، پاشماوەی هێزەکانیشیان دەبێت تا هاوینی ساڵی داهاتوو ، عێراق بەجێبهێڵن ، لە کاتێکدا هەندێ لە ڕۆژنامە بەریتانیەکانی تر ئەم ووتانە دەبەستنەوە بە هێندی ناڕەزایەتیەکانی سەرجەم جەماوەری بەریتانیاو لایەنە سیاسیەکانی ترەوە .
بۆ قووتار بوون لە فشاری ئەم ناڕەزایەتیانە ، بەتایبەتی پاش تەقینەوەکانی لەندەن ، حکوومەتی بەریتانیا

بەهەر شێوەیەک کە بۆی بێتە جۆر ، بۆ روو سپی کردنەوەی خۆی هەندێ سیاسەتی دژە بێگانەی خستۆتە کار و دەزگا سەرکووت کەرەکانی خۆی خستۆتە گەر ، شتێکی باوە لە ئەمەریکاو ئەورووپاش هەمیشە بۆ دەربازبوون لە گێژەنگێکی سیاسی یان ئابووری یەکەم هەنگاو پەلاماری ( پەناهەندە) و بێگانە نیشتەجێبووەکانی تری ئەو وولاتە دەدەن ، کە ئەمە جگە لە پیادەکردنی شێوەیەکی ڕاسیستی دەوڵەتی نەبێت هیچی تر نیە ، چوونکە ئەمە بۆ هەموو کەسێک ڕۆشنە کە ( پەناهەندە ) و نیشتەجێ بێگانەکان خۆیان هەریەک قووربانی شیوەیەکی تری سیاسەتی دەوڵەتەکانیانن ، ئەمڕۆش ئەم سیاسەتەی حکوومەتی بەریتانیا بۆ هەموو لایەک بێ پەردەیەو دەتوانین بەباشی بیبینین ، لە هەمان کاتدا شێوەیەکی تری جەنگی سایکۆلۆژیە لەبەرامبەر خەڵکی بەریتانیادا بۆ خۆدزینەوە لە داواکاری و پێداویستیەکانیان ، کە بەهۆی ئەم شەڕەوە باری ژیانیان ڕۆژ بە ڕۆژ روو لە مەترسی گرانی و بێکاری و بێ دەرەتانیە .

بەدڵنیاییەوە خەباتی سۆسیالیستەکان و هەڵوێستی نارەزایەتیەکانی جەماوەرو بزووتنەوەی بەرەی دژی شەڕ ، ئەمڕۆکە تەواو سەرمایەداری جیهانی هێناوەتە پای ڕامانێک لە بەرامبەر ئەم بزووتنەوانەدا ، دەبێت ئەوەمان تەواو لە هۆش بێت کە ملهوری جەنگی درێژخایەنی نەبراوەی ئیمپریالیستانەی سەرمایەداری جیهانی، ئاکامەکانی شەڕو وێران کاری و کۆڵۆنیاڵ کردنی جیهان لەلایەن زل هێزەکانەوە ، لە جیهانێکی نائارام و کوشتارگەلی و بێکاری و بێ هیواو ئاسۆیەک بە داهاتوو هیچی تری لێ نادروینەوە ، ئێمە دەبێت تەواو هێزی خۆمان لە بەرامبەر ( **سەرمایەداری و جەنگ و ڕاسیزمدا** ) کۆ یەکخەین ، ئەم چەند ساڵەی ڕابووردی جەنگی ماڵوێرانکاری عێراق و ئەفغانستان گەواهی سیاسەتی ئەوان و بۆ چوونەکانی ئێمە ڕۆشن دەکات .

## لە ئەمەریکا :

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەی دژی جەنگ روو لە زیاد بوون و خۆڕێکخستنە ، بە پێی پێلینی دەنگدانی مانگی ڕابووردو تەواو لایەنگرانی سیاسەتی ( بۆش ) لە ئەمەریکا روو لە ڕۆچون و شکستە ، لە ( 52% ) دەنگەکان




لەگەڵ گەڕانەوەی دەست بەجێی هێزەکانی ئەمەریکان لە عێراق و ئەفغانستان ، جگە لە سەدا چارەکی خەڵکی ئەو وولاتە تێناگەن ئەم جەنگە بۆچی بکەن ؟ ، ئەوان دەڵێن : ( **ڕاپرسیەک بۆ ئەم جەنگە نەکراوە ، وەک چۆن هیچ کاتێک جەنگ لای ئێمە کارێکی ئارەزووومەندانە نیە ، سەد هێندەی ئەوەش ئارەزوومەندانە خوازیاری وەستانی شەڕین** ) . ( هەشت لە دەی ) دانیشتوانی ئەمەریکا هاودەنگن لەسەر ئەوەی کە هەڵگیرساند و بەردەوام بوونی ئەم شەڕە ، دارایی و خزمەتگوزاریە مرۆییەکان کەم بوونەتەوەو تەواو ژیانی ئاساییان کەوتۆتە ژێر مەترسیەوە ، بۆ هەر داواکاریەک و یارمەتیەک کە پێویستیان پێی بێت ، جەنگ باشترین وەڵامە بۆ ڕەتکردنەوەی ، ( **کەواتە با ئەم جەنگە بە زووترین کات بوەستێت** ) .

لە ( 39% ) دانیشتوانی ئەمەریکا هیچ متمانەیەکیان بە ( بۆش ) نەماوەو بە سەرۆکێکی باوەرپێکراوی دانانێن ، لە (45% ) ی دانیشتوانیش پێیان وایە کە ( بۆش ) شایستەی ئەوە نیە ببێتە سەرۆکی ئەمەریکا ، چونکە هەموو ئەوە باش دەبینن کە لە پاش هەڵگیرساندنی شەڕو ئاکامی بەرنامەی کۆماریەکان باری ئابووری و سیاسی ئەمەریکا بەرەو چ هەڵدێرێک دەڕوات .

## له هۆڵەندا :

خۆپیشاندان و خۆڕێکخستن دژی کابینێتی هۆڵەندا ، لە خۆڕێکخستن و ئامادەبوونێکی بەردەوامدایە ، کۆی خاڵەکانی ئەم خۆپیشاندانە نەمانی متمانەی خەڵکە بەم کابینێتە ، بە پێی پێلینی مانگی ڕابردوو لە هەر ( 5 ) کەس ( 4 ) کەس دەنگیان بە چی زووتر لابردنی ئەم کابینەیە داوە ، جگە لە تێکچون و نائارامی ئابووری و کەڵەکە بوونی کێشە سیاسیەکان ، بێکاری و کەم بوونەوەی یارمەتیە مرۆییەکان تەواو خەڵکی ئەم وولاتەی هەراسان کردوە ، جگە لە هەڵوێستی چەوتی پیادە کردنی سیاسەتی پێکەوە ژیانی هاوبەش ، بەشداربوون و تەرخانکردنی برێکی زۆری دارایی هۆڵەندا بۆ جەنگی عێراق و ئەفغانستان زیاتر گۆمی بێکاری و بێ دەرامەتی لەم وولاتەدا شڵەقاندوە ، خۆئامادەکردنی بەشداربووان لەم چەند خاڵەدا بەرجەستە بووە :




-1 دژی وابەستەبوونی سیاسی هۆڵەندا بە سیاسەتی جەنگ و ئەمەریکاوە .

-2 دژی سیاسەتی بەدەستەوەگرتنی ئابووری و کەمکردنەوەی یارمەتی و خزمەتگوزارە مرۆییەکان .

-3 دژی سیاسەتی جیاکاری و دژە بێگانە .

-4 دژی هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی چالاکی ڕێکخراوە جەماوەریەکان لەلایەن دەوڵەتەوە .

-5 دژی دەرکردنی هەزارەها پەناهەندە ، لەژێر ناوو بیانووی ئارامی ئەو وولاتانەی لێوەی هاتوون .

-6 هەوڵدان بۆ کەم نەکردنەوەی بیمەی بێکاری لە سەرەتای ساڵی تازەوە .

باشترین هەڵوێست و خۆئامادەکردنمان ئەمڕۆکە لەم خاڵانەدا هاودەنگ و هاو خەبات دەکەین :

**خۆئامادەکردن و خۆڕێکخستن دژی سیاسەتی جەنگ ، لەپێناو سەقام گیربوونی ئاشتیدا .**
**خۆئامادەکردن دژی ڕاسیزم ، دەنگدان بە جیهانێکی هەمەڕەنگ .**
**خۆئامادەکردن دژی هەر جۆرە چەوسانەوەیەک ، بانگەشەی یەکسانی سەراسەری .**
**خۆئامادەکردن دژی سەرمایەداری ، خەبات لە پێناو سۆسیالیزمدا .**




++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++++

* www.stopwar.org.uk
* www.internationalesocialisten.org
* http://www.unitedforpeace.org